گـۆڤـاری زانـکۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper16

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 05/11/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 14/11/2024
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/04/2025

# بایەخی هەواڵ و بابەتەکانی دوا لاپەڕە لە گۆڤاری "زاری کرمانجی" ١٩٢٦–١٩٣٢ توێژینەوەیەکی شیکاری ناوەڕۆکە

**مەغدید خضر ئەحمەد سەپان**
magded.sapan@su.edu.krd
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق

**پوختە**
ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر گۆڤاری "زاری کرمانجی" (١٩٢٦-١٩٣٢)، کە یەکەم گۆڤاری پارێزگای هەولێر بو و لە شاری ڕواندز لەلایەن مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی بە هاوکاری سەید تەها ئەفەندی دەردەچو. توێژینەوەکە بە تایبەتی جەخت لەسەر شیکردنەوەی ناوەرۆکی دوا لاپەڕەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە دەکا، کە تێیدا ١٠٧ هەواڵ و ئاگاداری و گوتار لە ٢٤ژمارەدا بڵاوکراونەتەوە، کە بایەخی زۆری بۆ توێژەران هەیە، هەتا بزانن بەر لە نزیکەی سەد ساڵ، زمانی کوردی بۆ نوسینی هەواڵ و زانیاری لە دوا لاپەڕی گۆڤار لە چ ئاستێک بوە و کێشە و گرفتەکانی ئەو سەردەمیش چۆن لەدوا لاپەڕی گۆڤار شوێنیان بۆ تەرخانکرایە و داندراین.
ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخات کە سەرەڕای ئاستەنگە لۆجیستی و داراییەکان، گۆڤارەکە ڕۆڵێکی گرنگی لە بوژاندنەوەی ڕۆشنبیری کوردی و بەرەوپێشبردنی پەروەردە بە زمانی کوردی گێڕاوە. هەروەها، گۆڤارەکە گرنگی بە بابەتە جۆراوجۆرەکانی وەک کاروباری ئیداری، فەرهەنگی، تەندروستی و کشتوکاڵ و پەروەردە داوە، کە ئەمەش دەرخەری هەوڵە بەردەوامەکانی گۆڤارەکەیە بۆ خزمەتکردنی پێداویستییە فکری و کۆمەڵایەتییەکانی خوێنەرانی ئەوکاتی.
**کلیلەوشەکان:** چاپخانە، مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی، گۆڤاری زارکرمانجی، دوا لاپەڕە، هەواڵ.

# The Significance of News and Last Page Content in "Zar Kurmanji" Magazine (1926-1932)

## A Content Analysis Study

Magded Khdir Sapan[1]

[1]Department of Media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region Iraq.

Abstract

This research focuses on "Zar Kirmanji" magazine (1926-1932), which was the first magazine in Erbil governorate, published in Rawanduz city by Hussein Huzni Mukriani in collaboration with Sayed Taha Efendi. The research specifically emphasizes the analysis of the last pages' content across the magazine's issues, which contained 107 news, announcements, and articles published in 24 issues. This content holds significant value for researchers to understand how the Kurdish language was used for news writing and information sharing in magazine back pages nearly a century ago, and how the issues and problems of that era were allocated space and documented on the magazine's last pages.

The research findings reveal that despite logistical and financial challenges, the magazine played a crucial role in reviving Kurdish culture and advancing education in the Kurdish language. Furthermore, the magazine covered diverse topics including administrative affairs, culture, health, agriculture, and education, demonstrating the magazine's continuous efforts to serve the intellectual and social needs of its readers at that time.

Keywords: Printing Press, Hussein Huzni Mukriyani, Zar Kurmanji Magazine, Last Page, News.

## پێشەکی

هەلومەرجی کوردستان بە گشتی و پارێزگای هەولێریش بەتایبەتی، لە سەرەتای سەدەی بیست، هەندێ زوتر و کەمێک درەنگتر لە ڕوی سیاسی و ئابورییەوە، ئاڵۆزبوە و ئەو ئازادییەی تێدانەبوە، کە چاپخانەی لێ دابمەزرێنن و کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری بە زمانی کوردی پێچابکەن.

هێنانی چاپخانە و دەرگرنی گۆڤاری "زارکرمانجی" بۆ شاری ڕواندز و پارێزگای هەولێر گرنگییەکی تایبەتی هەیە و دەستپێکێکی تازە و جوانە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و پێشخستنی زمانی کوردی و زیندوهێشتنەوەی کەلەپوری کوردەواری. سەید تەها شەمزینی و مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی زو ئەو هەقیقەتەی سەرەوەیان زانی، بۆیە بەیەکەوە ئەو بڕیارە گرانەیان دا، کە لە ئەنجامدا، نەک هەر گۆڤارێکی جوانیان بەناوی: "زارکرمانجی" دەرکرد، بەڵکو بە هەمان ناو، دەزگایەکی چاپ و پەخشی زۆر جوانیشیان دامەزراند و جگە لەو کتێبانەی خێوی "زارکرمانجی" بەخۆی دەینوسین و چاپیدەکردن، کتێب و بەرهەمی دیکەشیان لە شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بۆ دەهات و لای خۆیان دەیانفرۆشت. ئەو دەستپێکە جوانە بوە یارمەتی، لە ماوەیەکی زۆر کەم، چاپخانە و دەزگای "زارکرمانجی" دەنگدانەوەیەکی

زۆر پەیدا بکات و وەک ناوەندێکی فەرهەنگی گرنگ سەیری بکرێت و لە زۆر شوێن: (پاریس، بەغدا، تەهران، سولەیمانی و ناو شاری هەولێر) نامە و گوتار و بەرهەمیان بۆ بڵاوکردنەوە و فرۆشتن بۆبچی.

گۆڤاری "زارکرمانجی" ١٩٢٦–١٩٣٢ بەهەموی (٢٤) ژمارەی لێچاپکرا، ڕاستە ژمارەکان زۆرنین و زۆربەشیان لەکات و ساتی خۆیان دەرنەچوین، بەڵام بە ناوەڕۆک زۆر تێر و دەوڵەمەندن و بناغەیەکی زۆر جوانیان بۆ مێژوی ڕۆژنامەگەری کورد بە گشتی و ڕۆژنامەگەری شاری رواندز و پارێزگای بەتایبەتی هەولێر دانا، کە هەتا کورد مابی، شانازی پێوە بکات و سود لەو ئەزمونە سەرکەوتوە وەربگری.

ئەم توێژینەوەیەی بەردەست بەناوی: بایەخی هەواڵ و بابەتەکانی دوا لاپەڕە لە گۆڤاری "زارکرمانجی" ١٩٢٦–١٩٣٢، توێژینەوەیەکی شیکاری ناوەڕۆکە، بابەتێکی هەنوکەییە و لەپاش نزیکەی سەت ساڵ، زۆر لە بابەتەکانی ناو ئەم گۆڤارە و بەرگ یان دوالاپەڕی دەرەوە، هەنوکەیی خۆیان لەدەست نەدایە و ئێستاش بۆ نوسین و توێژینەوە لەسەر کۆمەڵێک ڕوداوی فەرهەنگی، سیاسی و ئیداری، ئەوسەردەم سودی زۆرە و وەک ئەرشیفێکی زندی و باوەڕپێکراویش مایتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دو بەش لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتییە. بەشی یەکەم تایبەتە بە میتۆدنامەی توێژیەوە، کە کێشەی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە و گرنگی و ڕێبازی توێژینەوە و کۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوە لەخۆی دەگری، لە بەشی دوەم بە کورتی باس لە: هەواڵ و گوتار و زانیاری و ئاگادارییەکانی دوا لاپەڕە لە گۆڤاری "زارکرمانجی" کرایە، شیکردنەوەی ورد بۆ هەر (٢٤) لاپەڕ و تەواوی ژمارەکان کرایە و ئاماژەش بە لایەنی تەکنیکی و نەخشەسازی درایە.

هەر لەو توێژینەوەیە، شیکاری و هەڵسەنگاندن بۆ ئەو (١٠٧) بابەتەی لەو ژمارانە و لە دوا لاپەڕە بڵاوکراینەوە کرایە و تیشک خرایتە، سەر لایەنی گرنگی بابەتەکان و بەتایبەتیش لایەنی: فەرهەنگی، خوێندن و پەروەردە و ئیدارەدانی دەڤەر و هەوڵدان بۆ بە بەڕەسمی کردنی زمانی کوردی، نەک تەنیا لە قوتابخانەکان، بەڵکو لە هەمو دائیرەکانی حکومەت لە سەرانسەری کوردستان و هەر لەو توێژینەوەیە، باس لە گرنگی دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی" کرایە. باس لە گرنگی دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی" و کاریگەری گۆڤاری "زارکرمانجی" لەسەر داهاتوی ڕۆژنامەگەری پارێزگای هەولێر و پێشخستنی ڕەوشی فەرهەنگی لە پارێزگای هەولێر کرایە.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوە"میتۆدنامە"

### ١-١: کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە، (بایەخی هەواڵ و بابەتەکانی دوا لاپەڕە لە گۆڤاری "زارکرمانجی" ئەوەیە، کە خاوەن و سەرنوسەری گۆڤار، مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی توانیویەتی، چۆن توانیویەتی بە شێوەیەکی باش و زانستی سود لە دوا لاپەڕی گۆڤارەکەی وەربگریت و ئەو پەیامە بە خوێنەرانی بگەیێنی، کە خۆی دەیەوێ. تا چەند ئەو لاپەڕەیە بەجوانی پڕبکاتەوە و ئەو بابەتانەی بۆ هەڵبژێری، کە بۆ شاری رواندز و دەڤەرەکە بایەخی خۆیان هەیە و گرنگن.

### ١-٢: ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە، تێگەیشتنە لەوەی، کە تا چەند خێوی گۆڤاری "زارکرمانجی" توانیویەتی سود لەو لاپەڕەیە وەربگریت و ئەو بابەتانەی تێدا بڵاوبکاتەوە، کە بۆ کۆمەڵگای ئەوکات پێویست بوین لەوانە: کردنەوەی قوتابخانە و خوێندن بە زمانی کوردی، سەردانەکانی فەرمی و کاتبەسەربردن بۆ شاری رواندز، هەروەها بەرزکردنەوەی

کێشەی هاوڵاتییان و بایەخدان بە لایەنی فەرهەنگی، کە لە هەمو ژمارەکان باس لە چاپکردنی کتێب و فرۆشتنی کتێب بە زمانی کوردی لە دەزگای "زارکرمانجی" دەکا.

**١-٣: جۆرورێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، بۆ کۆکردنەوە و خستنەڕوی داتاکانی، پشتی بە ڕێبازی شیکاری ناوەڕۆك وەك یەك لە ڕێبازە باوەکانی توێژینەوەی بواری میدیا بەستوە.

**١-٤: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دوا لاپەڕی سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری (زارکرمانجی)، کە بە هەموی (٢٤) ژمارەی لێ دەرچو. سامپڵی ئەم توێژینەوەش بریتییە لە تەواوی ژمارەکان بە گشتی و دوا لاپەڕیش بەتایبەتی، کە بەشێوازی سامپڵی مەبەستدار دەستنیشانکراون.

**١-٥: ئاستەنگەکانی بەردەم دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی"**

لەبەرئەوەی مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی، هەمو کارەکانی چاپ و چاپخانە لەوانە: (نوسینی گوتار و بابەتەکان، ڕێکخستنی پیتەکان و ئامادەکردنی بۆ ناو ئامێری چاپ، نەخشەسازی بۆ لاپەڕەکان، نوسینی سەردێر بە دەست و خەتاتی بۆ هەندێ گوتار و هەواڵ، کێشانی هەندێ وێنەی پێویست و دانانی لەگەڵ گوتار و هەواڵەکان بۆ جوانکردنی ڕوی لاپەرەکان، چاپکردن، بڵاوکردنەوە...هتد)، کە هەر هەموی بەخۆی دەکرد، ئەرک و کاری دەرخستنی گۆڤاری "زارکرمانجی" زۆر گران کرد.

دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی" لە شارێکی دوری وەک ڕواندز، پێش سەت ساڵ، کە هاتوچوی کەمبو، بە گرانی کەلوپەلی چاپی دەگەیشتێ، کارێکی ئاسان نەبو. هەروەها پەیوەندیکردن و وەرگرتنی نامە لەلاین خوێنەران، پەیداکردنی ئابونەدار، بڵاوکردنەوەی بەناو شار و شارۆچکەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات، کاری بەردەوامبون لەسەر دەرکردنی هێشتا گرانتر کرد، لەگەڵ ئەوەش لەنێوان (١٩٢٦ - ١٩٣٢) تواندرا (٢٤) ژمارەی ڕێک، بە ناوەڕۆک دەوڵەمەند، بە نەخشەسازیی، زۆر جوان دەربکا، کە لە مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی، بە یەک لە گۆڤارە تێر و جوان و باشەکان ناوی بهێندرێ.

**١-٦: ئاستەنگەکانی بەردەم نوسینی ئەم توێژینەوەیە:**

تەمەنی بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان زۆر درێژ نییە و لە کۆتایی هەزارەی دوەم دەستپێکردییە، کە ئەوە برەکاتێکی زۆر کەمە، هەتا بتوانن مامۆستای باش و توێژەری سەرکەوتو پێبگەیەنن، بۆیە هەتا ئێستا، کادری پسپۆر لەزۆربەی بوار و لکەکانی ڕاگەیاندن، تێری بازاڕ ناکەن و ناتوانن ئەو بۆشاییەی لە کەمی توێژینەوە لەسەر گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردی بیستەکانی سەدەی بیست هەیە، پڕیبکەنەوە. گۆڤاری "زارکرمانجی"ش، یەک لەو گۆڤارانەیە، کە لە دوای دو ساڵی دیکە، یادی سەت ساڵەی دەرچونی لە شاری هەولێر و لە کوردستان دەکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەش، هەتا ئێستا، لە چەند توێژینەوەیەک زیاتر کاری لەسەر نەکرایە و نەتواندرایە سود لەو ئەزمونە زۆر و بەنرخەی مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی و گۆڤاری "زارکرمانجی" وەربگیرێ.

ڕاگەیاندنی کوردی دەمێکە لە قەیرانی گەورە دایە، تاکە ڕێگاش بۆ دەربازبون لێی، دەبی کار لەسەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پێشتری کوردی، چ ئەوانەی لە کوردستان دەردەچون، چ ئەوانەی لە شاخ دەردەچون و چ ئەوانەشی لە دەرەوەی وڵات دەردەچون، بکرێت و نامەی زۆری ماستەر و دکتۆرایان لەسەر بنوسرێ و توێژەران هانبدرێن، کاری زیاتر لەسەر: زمانی ڕاگەیاندن، نەخشەسازی و چاپ، گرفتەکانی بڵاوکردنەوە و کێشەی ئابونە بکەن، هەتا لێیانەوە فێربین و بۆ دەربازبون لە قیرانەکان بەکاریان بێنین.

**بەشی دووەم**

**بایەخی هەواڵ و بابەتەکانی دوا لاپەڕە لە گۆڤاری "زارکرمانجی"**

**٢-١ هۆکانی هەڵبژاردنی شاری ڕواندز بۆ دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی"**

دو هۆی گرنگ هەن، کە مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی شاری رواندزی بۆ دەرکردنی گۆڤاری "زارکرمانجی" هەڵبژارد لەوانە:

١- شاری ڕواندز لەنێوان (١٦٤٥ - ١٨٣٨) پایەختی ئیماراتی سۆران بوە، کە بە یەک لە ئیماراتە گەورە و گرنگ و بەدەستەڵاتەکانی کورد هەژمار دەکرێت و لە هەندێ قۆناغ، حوکمڕانی هەتا هەکاری و بۆتان و دهۆک و موسل و سلێمانی ڕۆیشتییە.

٢- لە سەرە بەهاری ساڵی (١٩٢٣) سەید تاها ئەفەندی نەوەی شێخ عوبەیدوڵلای نەیری لە لایەن حکومەتی بەریتانیاوە کرا بە قایمقامی رواندز، بە دەستورێک کەم کەمە رواندز ڕوی لە ئاوەدانبون کرد. (حوزنی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی دوەم، ٢٠١١، ٨٠). سەید تەها بایەخی زۆری بە کردنەوەی قوتابخانە و چاپکردنی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار دەدا و هەر ئەویش توانی مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی ڕازیبکا، لە ڕواندز خەریکی کاری چاپ و فەرهەنگی بێت.

سەید تەها ئەفەندی چاپخانەی من (مەبەست لە مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانییە) و گۆڤارێکی لە رواندز دامەزراند کە گۆڤاری (زاری کرمانجی) بو. ناردی ماکینەیەکی هەنگوین و ماکینەیەکی جوجەڵە دەرهێنان و کەرەسەتەی ئاوریشمی هێنایە رواندز. قوتابخانەیەکیشی بۆ منداڵان دامەزراند. (هەمان سەرچاوەی پێشتر، ٨٠)

**٢-٢ گۆڤاری "زارکرمانجی":**

گۆڤاری "زارکرمانجی"، یەکەم گۆڤاری پارێزگای هەولێرە، مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی لە رواندز لە نێوان (١٩٢٦ - ١٩٣٢) توانی (٢٤) ژمارەی لێدەربکا.

گۆڤاری "زارکرمانجی" ژمارە یەکی لە (١٢ی ذی القعیدە الحر سالی ١٣٤٤) دەرچو، کە دەکاتە ڕۆژی یەکشەم (٢٣ / ٥ / ١٩٢٦) بەڵام لە ڕاستیدا ئەو داتایە، بۆ دەرکردنی ژمارە یەک دروست نییە، چونکە لە ناوەوەی ئەم ژمارەیە و لە لاپەڕە ٢٦ی ئەم گۆڤارە هەواڵێک بەناوی: (هاتو و چون) بڵاوکرایەوە: (٤ ذی الحجه رئیس ارکان حرب عمومی حضرت (هیکنس - ایرکومودون) لە گل قماندان طیارە موصل بەطیارە بو تماشا و کیف تشریفیان هینا رواندز شویکی مانەوە.).

ئەگەر روژ و مانگی هیجری بۆ ڕۆژ و مانگی میلادی ئەو هەواڵەی سەرەوە بگۆڕین دەبیتە: (١٤ی حوزەیرانی ١٩٢٦)، کە پیشانی دەدا، ڕۆژی دەرچونی گۆڤاری "زارکرمانجی" لەسەر بەرگی ناوەوە دروستنییە، بەڵام وێدەچی، لەو ڕۆژە بەرگی ئەو لاپەڕەیە چاپکرابیت و تەواوی گۆڤاریش لەژێر پرۆسەی چاپکردن بوبی.

گۆڤاری "زارکرمانجی" لەبەر نەخشەسازی و دەوڵەمەندی ناوەڕۆک و بایەخدان بە لایەنی پەروەردە و فەرهەنگ، بە یەک لە گۆڤارە هەرە باش و تێرەکانی مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی هەژمار دەکرێ.

زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکانی ناوەوە، مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی خۆی نوسیویەتی، پیتەکانی ڕێکخستیە، هەر بەخۆشی چاپیکردییە و لاپەڕەکانی کۆکردیتەوە و دەرزی لێدایە و بەناو خەڵکیش بڵاویکردیتەوە، کە وەک هامیلتۆن گوتەنی نەک لە مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی، بەڵکو لە مێژوی ڕۆژنامەگەری جیهانیش ڕۆژنامەنوسێکی دەگمەنە.

**٣-٢ بەرگ و نەخشەسازی بەرگ لە گۆڤاری "زارکرمانجی"**

بەرگی گۆڤاری "زارکرمانجی" لەشێوەی کلاسیک، کاغەزی ئەستور (١٥٠–٢٠٠ گرام) نەبوە و هەمان کاغەزی ناوەوەی، بۆ چاپکردنی بەرگ بەکار هێنایە، بەڵام لاپەڕە یان بەرگی پێشەوە، نەخشەسازی جیای بۆکرایە.

## ٤-٢ بەرگی پێشەوە یان لاپەڕە یەک

لە بەشی یەکەم یان سەروی بەرگی ژمارە (١) وێنەیەک کێشرایە. لەو وێنەیە زنجیرە چیایەک لەگەڵ قەڵایەک لەسەر لوتکەی چیا هەیە و حەسار یان قشڵەیەکیش لەخوارەوە دەبنیدرێ. لەناو هەمان وێنە، جوتیارێک خەریکی جوتکردنە و لەتەنیشت ئەویش لەسەر گردێک ڕانە مەڕ یان بزنێک دیارە و خەریکی لەوەڕ خواردنن. لەخوارەوەش ڕەشماڵێک هەیە و لەسەروی ئەوانەش، دو کۆمەڵ خەڵک هەن، وەک ئەوەی خەریکی خوێندن بن یان لە دەورەی شتێک کۆبوینەوە. لەسەر ئەو تابلۆ جوانەش ناوی "زارکرمانجی" بە خەتی فارسی بە گەورەیی نوسرایە و ناو پیتەکانیش سپی و بۆشە.

نەخشەسازی ژمارە چار، لەگەڵ سێ ژمارەی یەکەم، هەندێ گۆڕانکاری بەسەرداهاتییە و گۆڕانکارییەکان بەوجۆرەی خوارەوەن: بەشی یەکەمی، کە ناوی (زارکرمانجی) نوسرایە، دەستکاری شاخ و داخ و نەخشی دواوەی کرایە، بەڵام هەمان فۆنت بۆ وشەی (زارکرمانجی) بەکار هاتییە.

لە بەشی دوەمی، کە بەشی خوارەوەی بەرگە، هەمان پیاو لە بەرامبەر هەمان منداڵ وەستایە، بەڵام هەست دەکرێ، دەستکاری جلوبەرگی کرابێ، هەروەها تەمەنی منداڵەکە کەمێک گەورەتر دیارە، جگە لەوە گوڵ و گوڵزارەکی زۆر بۆ باکگراوندی منداڵ و پیاوەکە زیاد کرایە.

لە بەرگی ژمارەکانی: (یەک، دو، سێ) تێکستی سەر بەرگ بە فۆنتی چاپ نوسرایە، بەڵام لەو ژمارەیەوە هەموی بە دەست و بە خەتی خۆش نوسرایە.

لە ژمارەکانی: (٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥) ناوی "زارکرمانجی" بە پیتی لاتینی (ZARI KRMANJI) نوسرایە و دەوری پیتە لاتینییەکانیش گوڵڕێژە. لە ژمارەکانی: (١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١) ناوی "زارکرمانجی" بە پیتی لاتینی لابردرایە، بەڵام لە ژمارەکانی: (٢٢، ٢٣) جارێکی دیکە داندرایەوە و لە دوا ژمارەش (٢٤) دیسان لابردرایەوە.

لە ژمارە (١٦)وە، نەخشەسازی بەرگی گۆڤاری "زارکرمانجی" بە تەواوەتی گۆڕدرا و هیچ نەخش و وێنەیەک نەما، جگە لە ناوی "زارکرمانجی" هەمو نوسینەکانی دیکە بە فۆنتی چاپ نوسراینە. لەو ژمارەیەوە، بەرگی لاپەڕە (یەک)ی گۆڤاری "زارکرمانجی" لە زۆربەی گۆڤارەکانی ئەو سەردەم و پێشتری کوردی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکا.

گۆڤاری "زارکرمانجی" یەکەم گۆڤاری کوردییە، کە نەخش و هێڵکارییەکان، خاوەن و سەرنوسەر (حوسێن حوزنی موکریانی) بە دەست و پەنجەکانی خۆی لەسەر دارگوێز هەڵیکۆڵیە، بۆیە لە مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی، هەمیشە بە گۆڤارە ڕوجوان و بە ناوەڕۆکیش زۆر دەوڵەمەند ناوی دێت و لەناو گۆڤارەکانی دیکەی کوردی دەناسرێتەوە.

نەخشەکانی سەر ئەو بەرگانە، نەخشی ئاسایی و سادە نین، مۆری کوردایەتییان پێوەیە و مانای قوڵ دەبەخشن، بێ کێشە، سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشی، بێ نوسین و تێکستیش، هەزار و یەک مانا دەدەن.

## ٥-٢ بەرگی دەرەوە یان دوا لاپەڕە

بەرگی دەرەوە یان دوا لاپەڕ لە گۆڤاری "زارکرمانجی" ژمارەی جیایان لەسەر نوسرایە. ژمارە: ١ = ٢٦ لاپەڕەیە، ژمارەکانی: ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٩، ١٠، ١٥ = ٢٤ لاپەڕن، ژمارەکانی: ٨، ١١، ٢١ = ٢٠ لاپەڕن و ژمارەکانی: ١٢، ١٣، ١٤، ١٧، ٢٢، ٢٣ = ١٦ لاپەڕن، هەروەها ژمارەکانی: ١٦، ١٨، ١٩، ٢٤ = ١٢ لاپەڕن و ژمارە ٢٠ = ١٨ لاپەڕە و ژمارە: ٧ = ٢٨ لاپەڕەیە. ئەگەر ژمارەی هەمو لاپەڕەکان کۆبکەینەوە دەکاتە (٤٦٨) لاپەڕە. تەواوی گۆڤاری "زارکرمانجی" بە هەمان قەبارە و فۆنت و کاغەز و بە ناوەڕۆکی جیا پڕکراینەوە.

## ٢-٦ بابەتەکانی دوا لاپەڕی گۆڤاری "زارکرمانجی"

دوا لاپەڕی گۆڤار یان ڕۆژنامە، لەدوای لاپەڕە یەک، زۆرترین بایەخی پێدەدرێت و وەک زەقترین لاپەڕیش سەیردەکرێ، بەتایبەتیش ئەگەر بەهەمان کاغەزی ناوەوە چاپکرابێ، چونکە لەوکات، تەواوی لاپەڕ بە بەگرنگترین هەواڵ یان نوسین پڕدەکرێتەوە.

دوا لاپەڕ بۆ بیستەکانی سەدەی بیست و سەردەمی گۆڤاری "زارکرمانجی" هێشتا گرنگتربوە، چونکە لەلایەک، ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی زۆر کەم بوین، لەلایەکی دیکەش تیراژیان بەرز نەبوە، درەنگ و لەکاتی خۆشی دەرچوین... لەوبڕوایەدام، لەبەر کەمی بڵاوکراوە (چاپ و پەخش)، خوێنەر هەمو ژمارەکانی لەبەرگەوە بۆ بەرگ زیاد لە جارێک دەخوێندەوە و وەک کتێبی پیرۆز سەیری دەکرد.

لە (٢٤) ژمارەی گۆڤاری "زارکرمانجی" بەیەکەوە (١٠٧) بابەت (هەواڵ، ئاگاداری، گوتار، شیعر، بابەتی کشتوکاڵی، پەروەردە) داندراین. لە هەندێ ژمارە یەک بابەت و لە هەندێ ژمارەی دیکە بابەتی زۆرتر داندراین و ئەگەر هەموی بنوسینەوە، بەوجۆرەی خوارەوەیە:

لە ژمارەکانی (١، ٣، ٤، ٧، ١٥، ١٩) سێ بابەت هەیە. لە ژمارەکانی (٢، ٢٣) یەک بابەت هەیە، لە ژمارەکانی (٥، ٢٤) دو بابەت هەیە، لە ژمارەکانی (٦، ١٢، ١٧، ٢١) پێنج بابەت هەیە، لە ژمارەکانی (٨، ١١، ١٣، ١٦، ٢٢) حەفت بابەت هەیە، لە ژمارە (٩) شەش بابەت هەیە، لە ژمارە (١٠) هەشت بابەت هەیە، لە ژمارەکانی (١٤، ١٨) چار بابەت هەیە.

لەو گۆڤارە و لە دوا لاپەڕە، بابەتەکانی فەرهەنگ و دەنگوباسی ناوەوە زۆترینیان لەسەر نوسرایە. ئەگەر شیکردنەوەی ڕونتر بۆ ناوەڕۆکی بکەین، بەوجۆرەی خوارەوە دەردەچی.

هەواڵ و ئاگاداری (٢١) بابەت، هەواڵ و ئاگاداری فەرهەنگی (٣٩) بابەت، هەواڵی ئیداری (٢٧) جار باسکرایە، قوتابخانە و پەروەردە لە (٤٠) هەواڵ و ئاگاداری و گوتار باسیکرایە و لەناو هەموشیان (٤٥) لە هەواڵ و زانیارییەکان پەیوەندییان بە شاری ڕواندزەوە هەبوە. ئەگەر هەمویان کۆبکەینەوە دەکاتە (١٧٢) بابەت، کە زۆر لەوان لەناو یەک هەواڵ باس لە (فەرهەنگ، ڕواندز، قوتابخانە) دەکا. ئەو بایەخدانە زۆرەی مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی بە لایەنی فەرهەنگی و قوتابخانە و پەروەردە، بێگومان کاریگەری زۆری لەسەر کردنەوەی قوتابخانە و چاپکردنی کتێب و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا هەبوە.

### ٢-٦-١ هەواڵ لە گۆڤاری "زارکرمانجی"

هەواڵ لە گۆڤاری "زارکرمانجی" وەک ئەوەی ئەورۆ لێیتێدەگەین، بەوجۆرە نییە، کە وەڵامی هەمو پرسیارەکانی تێدابێ. لە ڕاستیدا، لە هەواڵ جگە لە دانانی سەردێر، دەبێ لیدیش هەبێ. دو جۆر هەواڵ هەیە:

**یەك: کورتە هەواڵ**

بەگوێرەی تیۆری ڕۆژنامەنوسی، نوسینی کورتە هەواڵ دەبێ وەڵامی سێ پرسیار بداتەوە: چی ڕویداوە؟ لە کوێ ڕویداوە؟ کەی ڕویداوە؟ بەبڕوای ڕۆژنامەنوسی سویدی سۆران لارسۆن کورتە هەواڵ چاکە لە (٣٠ - ٤٠) وشە تێپەڕنەکا، بەڵام بە بۆچونی ئەو باشترە بە (٣٠) وشە کۆتایی پێبهێنرێ.(Sören Larsson, att skriva i tidning. p.13) .

**دو: هەواڵی درێژ**

هەواڵی درێژ دەکرێ (١٠ - ١٥) خەت لە ستونێك داگیر بکا. لێرەدا ڕۆژنامەنوس جگە لەوەی ڕاستی ڕوداوەکە دەنوسێ، دەتوانێ هۆی ڕوداوەکەش لەگەڵ ئەنجامی بۆ خوێنەران بنوسێ.

هەواڵی درێژ بۆ ئەوەی لە کورتە هەواڵ جیابکرێتەوە، دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە درابنەوە. چ ڕویداوە؟ کەی ڕویداوە؟ کێ تێیدا بەشدارە؟ چۆن ڕویداوە؟ لەکوێ ڕویداوە؟ لەبەرچی؟ دیارە لەکاتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، ڕۆژنامەنوس دەتوانێ بەدرێژی وەڵامەکان بنوسێتەوە، بەڵام لەوکاتەدا، ئەو نوسینە وەك هەواڵی درێژ ناناسرێتەوە، بەڵکو زۆرتر لە گوتاری هەواڵی دەکاتن."1"

**٢-٦-٢ لید بۆ هەواڵ:**

لید: بەو چەند وشە یان ڕستەیە دەگوترێ کەلەنێوان سەردێر و تێکستی سەرەکی هەیە.

لید: وشەی Lead بە زمانی ئینگلیزی ئەمریکی بۆ ڕاگەیاندن، بەدەستپێکی نوسین، پێشەکی یان کۆپلەی یەکەم دەگوترێ.

لید: گرنگترین برگەیە لە چیرۆکدا و دەکرێت وا لە خوێنەر بکات تا کۆتایی بە دوایدا بچێت، یان دەست لە خوێندنەوەی هەڵبگرێت و بەدوای وتارێکی دیکەدا بگەڕێت. (دێڤید ڕانداڵ. ڕۆژنامەنوسی جیهانی. چاپخانەی کارۆ. ٢٠١٠، ٣٩٥)

لە نوسینی لید پێویستە وەڵامی شەش پرسیارە سەرەکییە: (who–کێ)، (what–چ)، (where - لە کوێ)، (when - کەی)، (how - چۆن) لەگەڵ (why - بۆچی) تێدابێت، بەڵام ئەگەر وەڵامی هەمو ئەو پرسیارانەی سەرەوە نەبێت، ناکاتە ئەوەی، نوسینەکە خراپە و شایەنی بڵاوکردنەوە نییە، لەگەڵ ئەمەش، پێویستە وەڵامی چوار پرسیاری یەکەم لە لید هەبێ.

- پرۆفیسۆر ڤ.ڤ.ڤۆرۆشیلۆڤ مامۆستا لە فاکولتێتی ڕۆژنامەنوسی شاری سانکت پیتربورگ، لە کتێبی (ڕۆژنامەنوس) لیدی بەسەر دو جۆر: (لیدی ڕەق و لیدی نەرم) دابەش کردوە. (Ворошилов В. В. Журналистика.. P.218–221).

پێش ئەوەی شیکردنەوە بۆ هەواڵ و ئاگادارییەکانی دوا لاپەڕی گۆڤاری "زارکرمانجی" بکەین، دەبێ ئەوە بەبیر خوێنەر بهێنینەوە، کە ئەو گۆڤارە، یەکەم گۆڤاری پارێزگای هەولێرە ژمارەی یەکی لە ساڵی ١٩٢٦ لە ڕواندز بە ئیمکانیاتێکی زۆر کەم و سنوردار دەرچوە، بۆیە ئەو مەرجانەی لەسەر نوسینی هەواڵ لە ڕۆژنامەیەکی سەردەم دادەندرێ، ناکرێ بە هەمان پێوەر و بە هەمان چاو سەیری هەواڵ و ئاگادارییەکانی پێش نزیکەی سەت ساڵ بکەین، بۆیە دەبینین لە نوسینی تەواوی هەواڵ و ئاگادارییەکان وەڵامی نیوە زیاتر لەو (٦ پرسیار)ە نەدراونەتەوە، نەک هەر ئەوە، لید لە گوتار و ڕۆژنامەکانی سەردەمیش بەتەواوەتی پشتگوێ خراین، بەڵام ئەکید تێری خوێنەرانی کردییە و لە ڕوداوەکان ئاگاداری کردونەتەوە.

بۆ بەرچاوڕونی، هەندێ لە هەواڵ و ئاگادارییەکانی دوا لاپەڕە وەکخۆی دەنوسینەوە:

١- ٢١ مایس جناب قاپتان چیمن مفتش اداری بو تفتیش بعض احوال تشریفیان هاتە ڕواندا پینج ڕوژ مانوە و لە اطراف شار بعضی گەران و چونە دولی (آکوم) تخریباتی کولو کە لەوی کردویە بە چاوی خویان دیتیان اگر بو سالی آیندە تشبشاتیکی جدی نەکەن لە اطراف شاری زور لەزراعت محروم دەبن. //ژمارە ١. ل. ٢٦//

٢- لە سر امری لیوای هولیر ١٠ آغستوس محمد علی آغا رئیس پیشو ؛ دیسان بە گەورەی شار : انتخاب کراوە تا چوار سالی دیکە. لە خدا دەخوازین کە بو خیری ملت و شارمان موفق بی . //ژمارە ٣. ل. ٢٤//

٣- جناب ملت پرور وطن خوای غیور زین العابدین بگ مصنف زادە لە کرکوکەوە بو هوا گوران و زیارەت هاتە شارمان لە حصرت گەورە و پشتیوان قائم مقام میوانن. بەخیر هاتنی دەکەین. //هەمان سەرچاوەی پێشتر//

٤- لە ١٣ی تموز بنا لە سر امری حضرت متصرف لوا دەبی همو اهالی رواندز و عشایر اطراف قضاء بو چک و صلاح: وثیقە لە دائرەی پولیس وەرگرن؛ و نمروی سلاحی لە دفتردا قید کریت هرکسیکی مخالفە بکا سلاحی مسادرە دەکریت ؛

و هم بەموجب قانون جزای دەدریت امه چند روژیکه پول پول اهالی سلاحیان قید اکەن ؛ وثیقه وەردەگرن. //هەمان سەرچاوەی پێشتر//

فرصته بو کتیبی تاریخ کوردان (غونچه بهارستان) تاریخێکی زور چاک و به فایدەیه بو کسانی ملت پرور و لاوان تازه پیه گیشتوی وریا مزی روپیەیکه مخابره له گل گەرەک (ادارەخانەی زارکرمانجی)یه //ژماره ٤، ل.٢٤//

٥ - (دیاری): کتیبی قراءت به ناوی دیاری بو بچوکی کوردان اثری فهمی بگ زرکی یه اثریکی زو چاک و بەکاره بو تدریسات لەژیر چاپدایه. //ژماره ٦، ل.٢٤//

**٦- رواندز: مفتشی کلەو (زراعت)**

مصطفی بگ مفتشی کیلەوه هاته رواندز ؛ بو کوشتنی کلو (کوللە) له همتیکی گەوره له کوشش دایه ؛ مأمورانی بو–لاو–لاتی شار و شەقلاوه و باتاس تعین کردن. اهالی به پول دەچن توی کولەک دەردەخەن و به دراو به مفتشی دەفروشن لاویکی وریا و تیگەیشتوه. موفقیتی اەو و رزگاری ملت له بلای کوللە له خوا دەخوازین //ژماره ٨، ل.٢٠//

٧- دوکتوری شار: دوکتور حنا سینان افندی له طرف حکومتەوه بو درمان کردنی اهالی دامزراوه هاته رواندز. اهالی گەلیک له مهارت درمان کردنی دلشادن. صالح افندی سلیمانی معاونی دوکتور له وظیفەی معالجەدا لەگەل اهالی زور مسامحه و زبان خوش و به اخلاقه. بو خذمتی ملت چاکه و موفقیتیقن له خوا دەخوازین. //ژماره ٨، ل. ٢٠//

٨- سعادت متصرف: سعادت ماب جناب عبدالمجید بگ متصرفی پیشوی کرکوک بو هەولیر تعین کرا بو منافع و پیشکەوتنی ملت و وطنمان موفقیتی لەخوا دەخوازین و تبریکی قدم پیروزی دەکەین. //ژماره ٩، ل. ٢٤//

٩- هاتن و چون: سعادت نایب خوشەویستمان جناب اسماعیل بگ به مناسبتی تەواو بونی مجلسی ملی به طیاره له بەغداوه تشریفیان هیناوه بەخیر هاتن. //ژماره ١٠، ل. ٢٤//

١٠- جناب عونی افندی بوزباشی پیشو بو مدیری ناحیەی بالکان تعین کرا له بغداوه هاتن و دەستیان به وظیفه کرد بەخیر هاتن و موفقیتیان له خوا دەخوازین . //هەمان ژمارەی پێشتر//

١١- بو آگاداری: تأریخی بنەمالەی ایوبیان که له ژمارەی پیشودا عرض کرابو: لەسری مانگی ربیعی ٣دا دەست به دامەزراندن دەکریت؛ هرکس هاوالەتی دەکه پاره بنیری فرست لەدست درنەکا قایل بەو خذمەته گەورەیه بیت. //ژماره ١١، ل. ٢٠//

١٢- (آوینەی بالاترین)-: میژوی (تأریخ) خاک و مشاهرانی شارەزوره؛ له روژیکی وه که تأریخ ناسیویەتی هتا امروکه؛ به پیشدەستپیکەوه ٣ بنده و له ٣ بەرگان دایه ؛ نزیک به هزار لاپەرەیه ؛ به دور و دریژی باسی همو فرماندەر و گەوره و به ناوبانگانی کوردی اەو خاکه دەکات. له کردەوەی خیوی زارکرمانجی یه . //ژماره ١٢، ل. ١٦//

١٣- لەبر مسئلەی جمیل افندی مأموری گومرگی رواندز که چوار کس له قولچیەکانی که : رواندزین عزل کردبون و یک دویکی موصلی له جیو وان دانا بون ؛ له بر هندی مسائلی تریش جناب (مستروینگرو) نایب گومرگی موصل و فرج افندی مدیر گومرگی هەولیر بو تفتیش کردنی اەو مسائلانه تشریفیان هینا رواندز ؛ دوای وەراست گیرانی کار و بار مغدورەکانیان خستنەوه سر وظیفه و گرانەوه خوایان له گل بی. کاشکی همو مفتشیک له وەراست گیراندا وا بایه. //ژماره ١٣، ل. ١٦//

١٤- مزگینی بو همو کوردان : تأریخیکی کوردان تازه له چاپ دراوه (شرفنامه تألیفی امیر شرفخان بدلیسی یه) که له سالی ١٠٠٥ هجری دا تألیف کراوه ؛ یکه تأریخیکه که له آسمانی آسیا و له عالمی کوردستان دا روناکی بەهمو علمایانی تأریخ بەخشیوه ؛ له روژآوا دا به همو زبانیک چاپ و ترجمه کراوه؛ اەم ساله که له سایەی کوشیش و غیرەتی جناب محمد

علی عونی افندی کوردی سوەرەکی کە لە دیوانی جلالت ملک مصردا موظفە و بە همت و حمیتی جناب شیخ فرج الله ذکی کوردی کەوتوتە ژێر چاپەوە ملزمەیکی چاپ کراویان ناردوتە ادارەخانەی زارکرمانجی بەراستی همتو کوشیشی تی دا کراوە بە خطیکی جوان و اەستور لەسر قاقەزیکی سپی و لوس بە حاشیە و شرحەوە چاپ کراوە. تأریخیکی مفصلی کوردانە لە همو حکمدار وامرا وفضلا و عشائراتی تەواوی کوردستان دەدوی.

هر کسیکی آرەزوی کردین و یان اشتراکی هەبیت : - مراجعت بە ناوی (پوستە الازهر بمصر فرج الله ذکی کوردی) بکات. //ژمارە ١٥، ل. ٢٤//

١٥- لابردنی شبانە لە رواندز: جناب میستر (فەرنو) مفتش پولیس لە ٦ی مانگ کانون یکم دا تشریفی هینا رواندز همو شبانەکانی لا برد و پولیس رسمی لەجیگایانا قید کرد تا کوایستا حەفتا کەسیکی بە پولیسی رسمی قید کراون وبەرەبەر هەر لە قیدکردن دان چند نقطە یکی پو لیس لە ناحیە کان دا دامەز ران وچند نقطەی دیکەش لە تدارک دایە . //ژمارە ١٦، ل. ١٢//

١٦- مأموری پوستە و تلغراف: ندیم افندی مأموری پیشوی پوستەی رواندز لەبەر چند چتیک دستی لە کار کیشراوە جناب شا کرافندی مأموری پوستەی سلیمانی ناردرایە رواندز بەخیر هاتن دەکەین . //هەمان ژمارەی پێشتر//

١٧- تکا و پارانەوە: لە همو حمیت مەندان کورد تکا دەکەین و لەبەر گەورە پیاوەکان دەپاریی نەوە کە امە ٣ سالە روژنامە و کتیبیان بو دەنیرین پارەی ئەوانەمان بوبەریی بکەن تاکو ایستا چند جار اعلان کرا و چند قاقەزمان بو نوسین کە لەبری کومگی مزی آوانە مان بدەنی تأسف بوغیرەت کوردایەتی و گە لیک شورەیی یە خویان بە کورد ئەزانن و روژنامەیەکی ملی یان پی بەخیو نا کری ! //هەمان ژمارەی پێشتر//

١٨- گەورە شار–رئیسی بلدیە رواندزکە بو بەری کردنی فخامتآب سر هنری دوبس چوبونە بغدا گەرانەوە رواندز بخیرهاتنەوەی دکین //ژمارە ١٧، ل. ١٦//

١٩- (استعفا کردنی سعادتمأب سید طاها أفندی)

لە قایم مقامی یەتی رواندز: سعادتمأبی گەورە جیگا جناب سید طە أفندی بو هیندی کارو ایشی بە تایبتی خوی چند مانگیک لەمە پیش بە مأذونیەتی دو مانگ تشریفیان رو بە ایران چوبونە "تاران" لەویوە لە ٢٨ ک ٢ استعفا نامەی خوی تقدیدم بە وزارت داخلیەی عراقی کرد ، دەست بە جی استعفاکەشی قبول کرا //ژمارە ١٨، ل. ١٢//

٢٠- تشریف هینان : فضائل مأب جناب ماموستا ملا اسعد افندی کە یکە علمای غرا و زانای رواندزە لە بەر هندیک چت چند سالیک بو تشریفیان لە گوندیکی بالکا بە تدریس اشتغان دەکرد لە م روژانەیا تشریفیان هاتونەوە مرکزی قضا بە خیر هاتنی دەکین آرەزو ئەمەیە بە یکجاری بینەوە رواندز تاکو قضاکمان بە علم و عرفان خوی روناک کاتەوە. //ژمارە ١٩، ل. ١٢//

٢١- مدرسەی شەوی اەهالی لە رواندز : لە سایەی همت و غیرەتی سعادتمآب قیم مذمی مصرف وەدوی غیور وەسعی کوششی جناباتی معلمان سعید فهیم افندی وەناجي افندی مکتبیکی زور چاک بو اەهالی کراوەتەوە نزیک حەفتا شاگرد لە اصنافاتی شار شەوی دەچنە خویندن بەراستی معلمەکان چاک دەکوشن //ژمارە ٢١، ل. ٢٠//

٢٢- مکتب زانستی لە سلیمانی : لە سایەی غیرەت کوششي کریم بەگ مدیر زانستی مکتبی زانستی گەلیک سەرکەوتوە ئەمە سیە سالە لە نزیک چوار سەد خویندورای پیگەیاندوە چوار صنف شاگردی تیدا دەخوینن لەسەر ئەم رەوشتە ئەو مکتبە گەلیل خزمەتی ملتی کورد دەکا لەسەر گەورە پیاوەکانی کورد سلیمانی لازمە بە همو جوریک بو پیشکەوتنی ئەو مکتبە بکوشن و یارمەتی بدەن . //هەمان ژمارەی پێشتر//

٢٣- هەواڵی سێیەم: شاگردانی مکتب بەدیدەواني : بوتماشا کردنی خاک و آوهەواو موقعی جغرافی چیا و کیوانی ناحیەی بالک چند شاگردیکی مکتب لەژیر چاوەدیری ماموستای دیدەوان عبدالله صافی افندی دا بە دەستوریکی فنی لە تعطیلی ئەم پازدە روژانەدا چونە گران و هاتنەوە شاگردەکان گەلکیان لەوچونە استفادەکرد سفرنامەیکی گچکە شیان کە دائربەوگرانەبیت نویسیوەتەوە بوادارەخانەیان ناردوە لەنسخەکانی داهاتودا نەشریان دەکەین //ژمارە ٢٢، ل. ١٦//

٢٤- دوقتوریکی متفنن و چاک : دوقتور نجیب صادرافندی لە تازە پیگەیشتوەکانی اوروپا بەسەر طبیبی بلدیە ناردرا رواندز ملت لەتداوی و اخلاق و معلوماتی گەلیک ممنونن بوخذمتی وەطنمان موفقیت و بەرزی تمان ئەکەین . //ژمارە ٢٢، ل. ١٦//

لەو هەواڵ و ئاگادارییانەی سەرەوە دیارە، وەڵامی هەمو پرسیارەکانی نوسینی هەواڵ و زانیاری و ئاگادارییەکان نەدراوەتەوە، زۆر لەوان سەردێریشیان بۆ دانەندرایە، لید لە هیچ هەواڵێکدا نییە، زمان و خاڵبەندیشی لاوازە. ئەو کەموکورتییانەی سەرەوە لە نوسینی هەواڵ، تەنیا لە گۆڤاری "زارکرمانجی" بەرچاو ناکەون، بەڵکو ئەگەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوسەردەم و زۆر دواتریش بخوێنینەوە، دەبینین ئاستی نوسینی هەواڵ و زانیارییەکان بە شێوەیەکی گشتی لاوازن و ئەگەر لە گۆڤاری "زارکرمانجی" خراپتر نەبوبن، ئەکید باشتر نین. ئەوان هەواڵ و زانیارییەکانیان دانایە و ئاگاداری تەکنیکی نوسینی هەواڵی مۆدێرن نەبوین، لە ڕاستیدا، خوێنەرانیش هیچ گلەییەکیان نەبوە، بەو چەند وشەیە، ڕازی بوین، چونکە ئەوانیش ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەیان بە زمانەکانی ئەوروپی نەدەخوێندەوە و هەر بیریشیان لەو لایەنە نەدەکردەوە. لەگەڵ ئەوەش، ئەوەی لێرە گرنگە و دەبێ ئاماژەی پێبدرێ، بێگومان هەڵبژاردنی بابەتەکانە.

مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی، بایەخی زۆری بە هەمو ئەو ڕوداوانە دایە، کە لە ناوچە یان دەڤەرەکە ڕویاندایە، هەروەها ئەگەر بە وردی هەواڵەکان بخوێنینەوە، دەگەینە ئەو باوەڕەی، کە مامۆستا لایەنی پەروەردە و فەرهەنگ و گوزەرانی خەڵکی زۆر بەلاوە گرنگ بوە.

هەر بۆ نمونە: کلۆ لەوسەردەم دیارە جوتیارەکانی پەریشان کردییە، بۆیە ئەوە جاری سێیەمە مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی لە گۆڤارەکەی باس لە کلۆ لە ڕواندز و دەڤەرەکەی دەکا. جاری یەکەم بەوجۆرە نوسرایە:

کلو لە رواندز: هرچند حکو متیش مبلغیکی وافی دا بە مأموران مجادلە جراد تأسفا أوزاتانە هیچیان بو رواندز پیە نکرا وامە مدتی بیست رۆژن رواندز واطراف بە سپای کلو محاصرە دراوە لەگلیک جیگایان ضریریکی کلیە داوە ولەزور جی یان گرای دانا أگر حکومت مرحمت نکا تواوی شیناو دیو دغل و دان سال هاتی دەکویتە خطریکی گورە وە. //ژمارە ١، ل. ١٠//

وەجاری دوەمیش لە ژمارە هەشت لاپەرە (٢٠) بەوجۆرەی خوارەوە ئەو هەواڵە داندرایە:

(رواندز: مفتشی کلەو (زراعت): مصطفی بگ مفتشی کیلەوە هاتە رواندز ؛ بو کوشتنی کلو (کولله) لە همتیکی گەورە لە کوشش دایە ؛ مأمورانی بو–لاو–لاتی شار و شەقلاوە و باتاس تعین کردن. اهالی بە پول دەچن توی کولەک دەردەخەن و بە دراو بە مفتشی دەفروشن لاویکی وریا و تیگەیشتوە. موفقیتی اءو و رزگاری ملت لە بلای کولله لە خوا دەخوازین) //ژمارە ٨، ل. ٢٠//

کلو . کولە . لە رواندز : کولە زەرتکە ئەم چند روژە بەپول روی لە قضاکەمان کردوە لەپاش گەلیک ضەردان لەهمو نواحیەکاندا دەستی بەگەرادانان ناوە ئەگەر حکومەت زوفریای نەکەویت مستقبل قضاکەمان چاکنابی دەغل و دان و شیناوەردی دوچار بەضەریکی زوربوني محتمەلە. //ژمارە ٢٢، ل. ١٦//

هەروەها تەنیا لە دوا لاپەڕی گۆڤاری "زارکرمانجی" لە چل هەواڵ و ئاگاداری باس لە قوتابخانە و پەروەردە کرایە، کە تێیاندا باس لە کردنەوەی قوتابخانە، هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری، دامەزراندنی مامۆستا، خوێندن بە زمانی کوردی دەکا. ئەوەش لە هەواڵەکانی ژمارە: (٢١ - ٢٢) بە زەقی دیارە.
لەسەر هاتن و چون و سەردانی کەسایەتی بەناوبانگ بۆ ڕواندز، کە بە هەواڵی ئیداری نوسراین لە ژمارەکانی: (١، ٢، ٣، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١٣، ١٨، ٢٠) هەن. هەمو ئەو هەواڵانە، پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بە شاری رواندزەوە هەیە.
هەروەها لەناو ئەو (٢٣) هەواڵەی وەک نمونە لێرە داندراین، باس لە تەندروستی و ئەمنیەتی شاریش لە هەواڵەکانی ژمارە (٤، ٧، ٢٣) کرایە.
لەناو گۆڤاری "زارکرمانجی" هەواڵ و ئاگاداری گەلەک زۆر بڵاوکراینەوە، بەڵام لێرە و لەو توێژینەوەیە، تەنیا باس لە دوا لاپەڕ دەکەین.

## ٢- ٧ لایەنی ئەخلاقی لە نوسینی هەواڵ و ئاگادارییەکان

لەهەمو ئەو هەواڵ و زانیاری و ئاگادارییانەی نەک تەنیا لە دوا لاپەڕ، بەڵکو لەناو هەمو گۆڤاری "زارکرمانجی"، بڵاوکراینەوە، لایەنی ئەخلاقی بایەخی زۆری پێدرایە و بە هیچ شێوەیەک تەشهیر و سوکایەتی بەکەس نەکرایە. زمانێکی زۆر بەرز و جوان بەکار هاتیە وەک، کە دەنوسی:
- جناب قاپتان چیمن مفتش اداری بو تفتیش بعض احوال تشریفیان هاتە رواندا پینج روژ مانوە. (ژمارە ١)، جناب ملت پرور وطن خوای غیور زین العابدین بگ مصنف زادە لە کرکوکەوە بو هوا گوران و زیارەت هاتە شارمان لە حصرت گەورە و پشتیوان قائم مقام میوانن. (ژمارە ٣)، سعادت ماب جناب عبدالمجید بگ متصرفی پیشوی کرکوک بو هەولیر تعین کرا بو منافع و پیشکەوتنی ملت و وطنمان موفقیتی لەخوا دەخوازین و تبریکی قدم پیروزی دەکەین. (ژمارە ٨)، سعادت نایب خوشەویستمان جناب اسماعیل بگ بە مناسبتی تەواو بونی مجلسی ملی بە طیارە لە بەغداوە تشریفیان هیناوە بەخیر هاتن. (ژمارە ٩)، جناب عونی افندی بوزباشی پیشو بو مدیری ناحیەی بالکان تعین کرا لە بغداوە هاتن و دەستیان بە وظیفە کرد بەخیر هاتن و موفقیتیان لە خوا دەخوازین. (ژمارە ١٠)، گەورە شار–رئیسی بلدیە رواندزکە بو بەری کردنی فخامتآب سر هنری دوبس چوبونە بغدا گەرانەوە رواندز بخیرهاتنەوەی دکین. (ژمارە ١٨)، سعادتمأبی گەورە جیگا جناب سید طە أفندی بو هیندی کارو ایشی بە تایبتی خوی چند مانگیک لەمە پیش بە مأذونیەتی دو مانگ تشریفیان رو بە ایران چوبونە "تاران" لەویوە لە ٢٨ ک ٢ استعفا نامەی خوی تقدیمی بە وزارت داخلیەی عراقی کرد ، دەست بە جی استعفاکەشی قبول کرا. (ژمارە ١٩)، لە سایەی همت و غیرەتی سعادتمآب قیم مذمی مصرف وەدوی غیور وەسعی کوششی جناباتی معلمان سعید فهیم افندی وەناجي افندی مکتبیکی زور چاک بو اەهالی کراوەتەوە نزیک حەفتا شاگرد لە اصنافاتی شار شەوی دەچنە خویندن بەراستی معلمەکان چاک دەکوشن. (ژمارە ٢١)، مکتب زانستی لە سلیمانی : لە سایەی غیرەت کوششي کریم بەگ مدیر زانستی مکتبی زانستی گەلیک سەرکەوتوە ئەمە سیە سالە لە نزیک چوار سەد خویندورای پیگەیاندوە چوار صنف شاگردی تیدا دەخوینن لەسەر ئەم رەوشتە ئەو مکتبە گەلیل خزمەتی ملتی کورد دەکا لەسەر گەورە پیاوەکانی کورد سلیمانی لازمە بە همو جوریک بو پیشکەوتنی ئەو مکتبە بکوشن و یارمەتی بدەن. (ژمارە ٢٢)...هتد. ئەگەر ئەو هەواڵانەی سەرەوە بخوێنینە، تێدەگەین، کە بە زمانێکی جوان بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ هەواڵەکان کرایە و بە هیچ شێوەیەک لایەنی ئەخلاقی پشتگوێ نەخرایە. بێگومان تێڕوانین لە لایەنی

ئەخلاق، لەدوای سەت ساڵ گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتییە. ئێستا هەر باس لە تەشهیر ناکرێ، بەڵکو دەبێ خاڵبەندی و لایەنی زمانەوانیش بێ کەموکورتی بێ.

لێرە دەبێ ئەوەش بنوسین، کە هەمو نوسینەکان مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی خۆی نوسیویەتی و خۆشی بۆ بڵاوکردنەوە هەڵیانی بژاردییە. ڕاستە لە هەواڵ و زانیارییەکانی دوا لاپەڕە، زیاتر ئەو هەواڵ و زانیارییانە داندراین، کە پەیوەندییان بە شاری رواندزەوە هەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکی گۆڤار، هەواڵ و زانیاری لەسەر وڵاتانی دراوسێ و ئەوروپا و ئەمریکا و یابانیش هەن.

وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، هیچ لە هەواڵ و زانیارییەکانی ئەوسەردەمی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی، بە شێوەی زانستی و دروست نەنوسراین، بەڵام بۆ ئێستا و داهاتوی کوردستان، سەرچاوەی باشن، بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد، هەروەها بۆ نوسینەوەی مێژو و کارکردن لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی سودی زۆریان لێوەردەگیرێ.

لە دوا لاپەڕی گۆڤاری "زارکرمانجی" تەنیا سێ گوتار هەن، کە دویان زیاتر دەچنە خانەی هەواڵی درێژ و گوتارێکیش لە ژمارە دو بەناوی: (شهرزور) بەوجۆرەی خوارەوە دەست بە نوسینی کرایە:

پا رچە زوی شهر زور لە زمان پیشو دا مێژینی بە (خوبابان) مشهوربو اردە شیر بابکان لە گل (اردەوان) ا شکا نیان شری کرد هلات چوە لای (منوچهر) پادشای خوبابان کە پایتخت او (کوسن کوی - نوی) امروکە بە (کوی سنجاق) مشهورە منوچهر پنای دایە و قوتیکی تواوی دایە هاتە سر (دا را) پادشای زویز (زوزان) کوشتی و گراوە خوبابان: شاریکی لیە درست کرد ناوی نا (شاری پیروز) یان (شاپیروز) و چوسق (آور کدە) یکی لیە بنا نا امروکە اوشارە ویرانە یە قباد اول باب نوشیروان اهمتیکی تواوی دابوە اوشارە نوشیروان استخریان کردە پایتخت.

لە سال ٢٠ ﻫ. لە عهد حضرت عمر دا شهرەزور کوتە دست اسلام (عزرە بن قیس) هاتە سری پی نەگیرا (عتبە بن فرقد) گرتی لە پاش محاربە بە صلح تسلیم بون لە سر صلح نامەی حلوان لەو وختەدا و "دوپشک"، زۆریان بە صحابە کرامەوە دا پیی دەمرن گرانەوە دیسان نکوتە وەدەست هرمزان لە طرف خوزستانەوە بلندبو عتبە لە نهر تیرە برابری کرد زوریان شرکرد هرمزان هلاتن پنای بو پادشای شهرەزور برد لەفتوحات اسلامید دەلیە پنای بو (کرد) برد... (ژمارە ٢، ل. ٢٤).

ئەو گوتارەی سەرەوە، دیارە گوتارێکی مێژوییە و لە گۆڤاری "زارکرمانجی"ش بایەخی زۆر بە گوتاری مێژویی درایە، چونکە مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی، خۆی بە یەک لە مێژونوسە ناودارەکانی زوی کوردی بەناوبانگە.

زنجیرە گوتارێک بەناوەکانی: (دوری امارات / تأریخ سوران–١٢ ئەلقە) لە ژمارەکانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٣، ١٤)) بڵاوکراینەوە، (کوهری یکانە/ مێژینی کوردان–٤ ئەلقە) لە ژمارەکانی (٥، ٦، ٧، ٨) بڵاوکراینەوە، (دوری سلطنت–٣ ئەلقە) لە ژمارەکانی (٩، ١٠، ١١) بڵاوکراینەوە، (سربهوردیا کورداتی–٣ ئەلقە) لە ژمارەکانی (٤، ٢٣، ٢٤) بڵاوکراینەوە. ئەگەر پێناسەی وشەی گوتاریش بکەین، بەوجۆرەی خوارەوەیە:

گوتار - ئەرتیکولوس Articulus وشەیەکی لاتینییە و بەزمانی کوردی دەکاتە: بەشێك، بەشێك لە شتێك، بەشێك لە هەمو. ئەوەش ئەوە دەگەینێت، کە لە ڕۆژنامەنوسی هەمو نوسینێکی بڵاوکراوە دەکاتە بەشێك لە بابەتەکانی ژمارەی ئەو ڕۆژەی ڕۆژنامەکە. هەربۆیەش جگە لە بڵاوکردنەوەی چەند هەواڵێکی کورت، زۆربەی مەتریالەکانی ناو ڕۆژنامە کوردییەکان، زۆربەی جار بەگوتار ناو دەبرێن. گوتار ئەو نوسینانە بەخۆیەوە دەگرێت کە باس لە بابەتێکی هەنوکەیی و پێویست دەکات و کۆمەڵ لەو کاتەدا پێویستی بە زانینی هەیە. (سەپان مەغدید. ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژوی چاپخانە،ل.١١٢)

### ٨-٢ نەخشەسازی دوا لاپەڕە لە گۆڤاری "زارکرمانجی"

نەخشەسازی دوا لاپەڕە لەگەڵ لاپەڕەکانی ناوەوە، جیاوازی بەوجۆرە زۆر نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دوا لاپەڕە زۆر بابەتی جیا هەن، یارمەتیدەرە، کە ئەو لاپەڕەیە جوانتر دەربکەوی. وەک لەسەرەوە نوسیمان، لە تەواوی ژمارەکان (٢٤) ژمارە، ١٠٧ بابەت بڵاوکرایتەوە، کە ئەوەش ڕێژەیەکی زۆرە و دەکرێ بۆ جوانکردنی ڕوی لاپەڕە، ئازادتر نەخشەسازی بۆبکرێ.

لە چوار ژمارەی یەکەم، جیاوازی زۆر نابیندرێ، نەخشەسازی کتێبی بۆکرایە و لاپەڕەکان یەک ستونن، بەڵام لە ژمارە (٥)، سەردێرێک بەناوی: (همولایک) بە خەتاتی و دەست نوسرایە، لەخواری خوارەوەش کەسێک لەسەر ئەسپێکە و خەریکی تاودانیەتی. ئەو دو وێنەیە (کلیشە)، جوانییەکی تایبەتیان بەو لاپەڕەیە دایە، کە خۆی تەنیا دو بابەتی تێدایە.

لە ژمارە (٦)، پێنج بابەت داندرایە، بۆ هەر بابەتێکیش سەردێرەکان بەدەست نەخشێندراین و سەرنجی خوێنەر بە ئاسانی بۆلای خۆی ڕادەکێشی. لە نێوان بابەتەکانیش هێڵی ڕەش بۆ جیاکردنەوەیان داندرایە، هێڵەکانیش هەندێك لە هەندێکی دیکە درێژتر و ڕەشترن.

لە ژمارە (٧) بە هەموی سێ بابەت هەیە، سەردێرەکان بە فۆنتی چاپ نوسراین و لێرەش بە سێ هێڵ، بابەتەکان لەیەکتر جیاکراینەوە. لە ژمارە (٨)، جاری کەمە، کە دوا لاپەڕە بەسەر دو ستون دابەشکراین و ستونەکانیش بە هێڵێکی درێژ لێک جیاکراینەوە، هەروەها لەو شەش بابەتەی لێرە شوێنیان کراوەتەوە، دو سەردێر بەدەست و خەتاتی نوسراین.

لە ژمارەکانی (٩، ١٠، ١١) هیچ گۆڕانکارییەک لە دانانی بابەت و نەخشەسازی نەکرایە، بەڵام لە هەمو ژمارەکان، لە سەرسەرەوە و لای ڕاست ژمارەی لاپەڕە بەوجۆرە: (لاپەڕە : - ٢٠)، لە ناوەڕاستیش بەوجۆرە –(زاری کرمانجی سال ٢)- لە لای دەستی ڕاستیش (ژمارە : - ١١) نوسرایە، هەروەها لە خوار خوارەوەش ڕۆژی تەواوبونی بەوجۆرە: (رۆژی چوار شممە ٢٧ ربیع یکەم ١٣٤٦) نوسرایە. هەبونی ئەو زانیارییانە و دانانی بەوجۆرە، بۆ دوا لاپەڕی گۆڤار زۆر گرنگ و پێویستە.

جارێکی دیکە لە ژمارە (١٣) نەخشەسازی دوا لاپەڕی گۆڕدرایە و دیسان بەسەر دو ستون دابەشکرایتەوە و لەو حەفت هەواڵ و زانیارییانەی لێرە داندراین، تەنیا بۆ دو بابەت (هات و چون، نزانن) سەردێر بەدەست و خەتاتی نوسرایە، کە جوانییەکی بێوێنەی بە لاپەڕەکە دایە. لە ژمارەکانی (١٥، ١٦، ١٧، ١٨) جارێکی دیکە بەسەر دو ستون دابەشکراین و ژمارە (١٩) نیوە لاپەڕی سەرەوە وەک کتێب چاپکرایە و نیوەی خوارەوە بەسەر دو ستون دابەشکرایە. ژمارە (٢٣)ش تاکە ژمارەیە، کە دوا لاپەڕی بەسەر سێ ستون دابەشکرایە. لێرە تەنیا یەک بابەت بەناوی: (سەعادمآب متصرف لوای هەولیر لەرواندز) داندرایە.

لە وردبونەوە لە نەخشەسازی دوا لاپەڕە لە گۆڤاری "زارکرمانجی" بە ئاسانی ئەوە دەبیندرێ، کە هەمو بەیەک ستایل نەخشەسازی بۆنەکرایە، ژمارەی بابەت و کورتی و درێژیی بابەت، کاریگەری لەسەر نەخشەسازی هەبوە و لاپەڕەکان جیاوازن، نەخشەسازیش بەردەوام و بەگوێرەی ژمارەی بۆکرایە. ئەو لەیەک نەچونە، زیندوێتی بە دوا لاپەڕە دەدات و سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشی.

### ئەنجامەکان

١ .مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی ١٢٦ساڵە (لە ٢١ی نیسانی ٢٠٢٤). سەرەڕای ئەم مێژوە درێژە، زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکان هێشتا دوبارە چاپ نەکراونەتەوەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی پێویست لەسەر زۆربەیان نەکراوە. تەنها ژمارەیەکی کەم لە کتێب و توێژینەوە لەم بوارەدا ئەنجام دراون.

٢ . چەند هۆكارێك وایكردوە كە پێشكەوتنی ئەرێنی لە بواری توێژینەوەی ڕاگەیاندندا ببێت، لەدیارترین ئەوهۆكارانەش كردنەوەی بەشی ڕاگەیاندن بو لە زانكۆكانی سلێمانی و سەلاحەدین و هەڵەبجە و زانكۆ پۆلیتەكنیكیەكانی هەولێرو سلێمانی و پێگەیاندنی چەندین توێژەری پسپۆڕ لە بواری ڕاگەیاندن، كە ئەمەش وەرچەرخانێكی گرنگی دروستكردو بوە مایەی گۆڕانی پرۆفایلی توێژەران لە مێژونوس و ئەدیبەوە بۆ توێژەرو پسپۆڕانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی.

٣ .گۆڤاری "زاركرمانجی" یەكەم گۆڤاری پارێزگای هەولێرە، كە لە ساڵی ١٩٢٦ لە ڕواندز دەرچو، یەكەم چاپخانەشە، كە هێندرابیتە شاری و ڕواندز و پارێزگای هەولێر، كە دەكاتە ئەوەی، پارێزگای هەولێر لە یەكەم چاپەمەنی خۆی (٨)ساڵ و لەناو شاری هەولێریش (١٧)ساڵ لە دەركردنی گۆڤار لەدوای شاری سلێمانی دێت.

٤ .دیارترین سیماو تایبەتمەندییەكانی گۆڤاری "زاركرمانجی" ئەوەیە كە گۆڤارەكە لەڕوی بابەت و هەواڵەوە ناوەڕۆكی دەوڵەمەند و پڕبایەخە، لەڕوی هونەرییەوە نەخشەسازی دیزاینێكی جوان وسەرنجڕاكێشی بۆ كراوە. هەروەها ژمارە چاپكراوەكانی گۆڤارەكە بەڵگەنامەیەكی مێژویی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشی سیاسی، كۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ڕۆژنامەوانی كوردی لەو سەردەمەدا.

**سەرچاوەكان:**


حوزنی، حوسێن (٢٠٠٧) سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی یەكەم. بەسەرپەرشتی د. كوردستان موكریانی. دەزگای ئاراس.

حوزنی، حوسێن (٢٠٠٧) سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی دوەم. بەسەرپەرشتی د. كوردستان موكریانی. دەزگای ئاراس.

ڕەندال، دێڤید (بێ مێژو) ڕۆژنامەنوسی جیهانی. وەرگێڕانی: محەمەد عەبدوڵڵا كەلاری. چاپخانەی كارۆ.

سەپان، مەغدید (٢٠٠٥) ژانرەكانی ڕۆژنامەوانی و مێژوی چاپخانە (١٤٥٠ - ١٥٠٠). هەولێر.

عەبدوڵا، نەجاتی (٢٠١٤) مێژو وكورد و كوردناسی. وەرگێڕان لە فرەنسییەوە. ئەكادیمیای كوردی. چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

موكریانی، كوردستان (٢٠٠٢) زار كرمانجی. چاپی یەكەم. هەولێر.

أحمد، أحمد محمد (٢٠٠٩) أكراد الدولة العثمانية تاريخهم الاجتماعي والاقتصادي والسياسي (١٨٨٠-١٩٢٢). دهوك: دارسبيرس للطباعة والنشر.

صابات، خليل (١٩٦٦) تاريخ الطباعة في الشرق العربي. الطبعة الثانية. دار المعرفة.

عوني، درية وزايد، محمود وعوض، مصطفى (٢٠١١) الأكراد في مصر عبر العصور. الطبعة الأولى. القاهرة.

مروة، أديب (١٩٦٠) الصحافة العربية: نشأتها وتطورها - سجل حافل لتاريخ فن الصحافة العربية قديماً وحديثاً. بيروت: منشورات دار مكتبة الحياة.

Bagge, F. (1940) Grafisk industri. Stockholm.

Jackson, D. (1987) Skrivkonstens Historia. Hongkong.

Larsson, S. (1985) Att skriva i tidning. Stockholm.

Nielsen, L.C. (1900) Boktryckerikonstens uppfinning. Malmö.

Nöljer, B. (1994) Så snickar du en tidningsartikel. Borås.

Pettersson, R. (2003) Rubriker. Nyköping.

Hamilton, A.M. (1958) Road through Kurdistan - The Narrative of an Engineer in Iraq. London.

Hijri-calendar.com. (n.d.). Hijri to Gregorian Date Converter. [online] Available at: https://hijri-calendar.com/convert/ [Accessed: 28 Oct. 2024].

Lexicography.online. (n.d.). Etymology of the word "basnya". [online] Available at: https://lexicography.online/etymology/б/басня [Accessed: 28 Oct. 2024].